بەش : ڕاگەیاندن

کۆلێژ: ئاداب

زانکۆ: سەلاحەدین

بابەت : پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

قۆناغی : دووەم / سمستەری دووەهەم ( بەیانیان و ئێواران )

ناوی مامۆستا : پ. د ڕزگار محمد شیخ محمد

ساڵی خوێندن : ٢٠٢١ - ٢٠٢٢

پەرتووکی کۆرس
Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | رزگار محمد شيخ محمد |
| 3. بەش/ کۆلێژ | ڕاگەیاندن / کۆلێژی ئاداب |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل:rizgar.shikhmohamad@su.edu.krd<br><br>0750 7741039 ژمارەی مۆبایل |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | ٣ کاتژمێر لە هەفتەیەکدا بە شێوەی تێۆری و لە نێو پۆلیش بە شێوەی پراکتیکی بە گروپ ئەنجامی دەدەین ، ڤیدیۆ و داتاشۆ و قەڵەم و وایتبۆرد بەکاردێنین . |
| 6. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا ٣ کاتژمێر |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | ناوی : { ڕزگار موحەمەد شێخ موحەمەد } لە دایک بووی 07 / 07 / 1961 لە شارۆچکەی گوێڕ سەر بە شاری هەولێر .خوێندنی بنەڕەتی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە . لە پەیمانگای فێربوونی زمانی سربی و خرڤاتی لە شاری { نیش } خوێندوە دیپلۆمی بە پلەی ( باش ) لە |

| | |
|---|---|
| 04.05.1982 بە دەستهێنا هەر لە هەمان ساڵدا لە هەمان پەیمانگا خولی فێربوونی زمانی لاتینی دەستپێکرد و بە پلەی باش (2 ) دیپلۆمی زمانی لاتینی لە 18.06.1982 بەدەست هێنا .<br><br>ساڵی 1986 لە زانکۆی کارلۆڤۆ کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەشی ڕۆژنامەنووسی لە شاری پراگ وەرگیرا . 1986– 1992 بڕوانامەی ماجستێری لە کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەشی ڕاگەیاندن بەدەست هێنا<br><br>ساڵی 1992 / 1993 لە شاری لەندەن لە Southwark College<br><br>پەیمانگەی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ پتەو و بەهێزکردنی زمانی ئینگلیزی خولێکی یەکساڵەی چڕی خوێند.<br><br>ساڵی 1996 – 2004 خوێندن و فێربوونی زمانی هۆڵەندی لە پەیمانگای کۆرسی زمانی هۆڵەندی بۆ ماوەی چوار ساڵ ئاستی یەک و دوو ، سێ ،چواری کە پێی دەوترێ سیتۆ 4،1،2،3 بەدەست هێناوە لە<br><br>Regionaal Opleidingen Centrum {ROC } in Almere<br><br>ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٩ دەبێتە ئەندامێکی کارای ڕێکخراوی رۆژنامەنووسانی جیهانی<br><br>وەک ئەزموون شارەزایەکی باشی هەیە لەم زمانانە و کاری وەرگێڕی زۆر پێ ئەنجام داوە لەوانە :<br><br>– زمانی ئینگلیزی ( بڕوانامەی هەیە)<br><br>– زمانی سربی و خرڤاتی ( بڕوانامەی هەیە)<br><br>– زمانی چیکی و سلۆڤاکی ( بڕوانامەی هەیە)<br><br>– زمانی هۆڵەندی ( بڕوانامەی هەیە)<br><br>– زمانی کوردی ( هەردوو زاراوە سەرەکیەکە ،، سۆرانی ، کرمانجی )<br><br>– زمانی عەرەبی ( بڕوانامەی هەیە) | |

| | |
|---|---|
| سەری لەم زمانانەش دەردەچێت و تا ڕادەیەک دەتوانێ پێی بدوێ لەوانە<br>- زمانی پۆلۆنی ، بولگاری ، روسی ، فارسی<br>- زمانی لاتینی ( بروانامەی هەیە )<br>2009 – 2010 مامۆستا زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی ئەدەبیات بەشی ڕاگەیاندن .<br>2011 -2014 خوێندنی باڵایی دکتۆرا لە زانکۆی فەلسەفە بەشی ڕاگەیاندن و رۆژنامەوانی<br>2012 – 2015 مامۆستا لە زانکۆی ژینگەپارێزی ئێکۆمان لە نیش بە گریبەستی پارتایم . لە ٢٣ / ١١ /٢٠١٦ بە فەرمانی وەزاری پلەی زانستی بەرزکرایەوە بۆ ( پرۆفیسۆری یاریدەدەر ).<br>ڕێکەوتی ١٤ / ١ / ٢٠٢١ بە فەرمانی وەزاری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پلەی زانستی بەرزکرایەوە بۆ پلەی ( پرۆفیسۆر ) لە بواری میدیا و ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی هەموو هەرێمی کورستان. | |
| بابەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان یەکێکە لەو زانستانەی کە قوتابی ڕاگەیاندن پێوستە لەسەر زانیارییەکی زۆری هەبێت تا لە دوارۆژدا بتوانێ وەک کەسایەتییەک و ڕاگەیاندکارێک ڕۆڵی خۆی ببینێ لە پەیوەندییەکانی ناوەوە و دەرەوەیدا ، ئەو بابەتە پێک دی لە ١٦ وانەی تیروتەسەل بەرچاوڕوونیەکی باش بە قوتابی دەبەخشی لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا | 9. وشە سەرەکیەکان |

10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس: ئەم کۆرس بووکە پێکهاتووە لە ١٦ وانەی وتنەوە سەرەتا :

١ - پێناسەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ودەستەواژەکان وپێناسەی زانایان و مێژووی سەرهەڵدانی ئەو بابەتە زانستییە کۆمەڵایەتییە

٢ - مێژووی پەیوەندی نێوان ئیمپراتۆرییەتییەکان و داهێنانی یاسا و کۆنگرە و دانووستان و ڕێککەوتنەکانی ئاشتی

٣- خوێندنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەک بابەتی زانستی

٤- سیستەمەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

٥- تیۆرییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

٦- تیۆری ئەرێنی ( ڕیئالیزم ، لیبرالیزم ، نیولیبرالیزم ، تیۆری ڕژێمی )

| |
|---|
| ٧- تیۆرییەکانی دوای ئەرێنی ( تیۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی((قوتابخانەی ئینگلیزی))، بونیاننانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی )<br>٨- مارکسیزم و قۆناغەکانی<br>٩- تیۆرییەکانی سەرکردایەتی و تیۆرییەکانی دوای بونیاتنان<br>١٠- ئاستەکانی شیکردنەوە و چەمکەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان (سەروەری ، هێز ، بەرژەوەندی نیشتیمانی ، چالاکوانە ناحکومیەکان، پێکهاتەکانی هێز)<br>١١- دەزگاکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ( حکومی و ناحکومی )<br>١٢- واتا و مێژووی سەرهەڵدانی دیپلۆماسی<br>١٣- ڕواڵەتی دیپلۆمات و ناوەڕۆک و ئەرکەکانی دیپلۆماسی<br>١٤- گرینگی دیپلۆماسی لە گەشەسەندنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا<br>١٥- گرنگی و کاریگەریی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی.. ڕۆڵی سەرۆک بارزانی بە نموونە بۆ هەرێمی کوردستان (بەشی یەکەم )<br>١٦- گرنگی و کاریگەریی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی.. ڕۆڵی سەرۆک بارزانی بەنموونە بۆ هەرێمی کوردستان ( بەشی کۆتایی ) |
| 11. ئامانجەکانی کۆرس: بابەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان : ئامانج لە خوێندنی ئەو بابەتە فێرکردن و ئاشنابوون و شارەزابوون و پەیداکردنی ئەزموونە بۆ قوتابی لە دواڕۆژدا ئامانج لە خوێندنی ئەو بابەتە بۆ قوتابیانی بەشی ڕاگەیاندن زۆر پێویستە کە شارەزایەکی تەواویان هەبێت لە پەیوەندییەکاندا بەتایبەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان چونکە دەرچووی ئەو بەشە هەر تەنها لە ناوەوەی وڵات نامێننەوە زۆر جاران دەبنە پەیامنێر لە دەرەوەی وڵات و هەندێ جارانیش وەک دیپلۆماتکار دەستبەکار دەبن . |
| 12. ئەرکەکانی قوتابی : قوتابی دەبێت ئامادەگی هەبێت لەنێو هۆڵی خوێندن و بەشداری دەکات بە گفتوگۆ لە شرۆڤەی وانەکان بە نموونەی زیندوو ، وە قوتابی دەبێ ڕاپۆرتێک ئامادەبکات پەیوەست بێت بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پێشکەشی بکات نموونەی زیندووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان باس بکات . |
| 13. ڕێگەی وانە وتنەوە: بریتییە لە بەکارهێنانی داتاشۆ و پاوەرپۆینت و قەڵەمی لیێزەر ( پۆینتەر ) وایت بۆرد ( قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ ) و سکریپت ( مەلزەمە ) ، هەروەها نیشاندانی ڤیدیۆ و ئەنیمەیشن و نموونە هێنانەوە بە شێوەیەکی پراکتیکی لە نێو پۆل بابەتەکە بوترێتەوە . |
| 14. سیستەمی هەڵسەنگاندن: ئامادەبوونی ڕۆژانەی قوتابی و بەشداریکردنی لە وانە وتنەوە و گفتوگۆکردن، کویز ، تاقیکردنەوەی مانگانە ، ڕەوشت و ڕەفتاری قوتابی لەناو پۆل ، نووسینی ڕاپۆرت دە نمرەی لەسەرە لەم دە نمرەیە پێنج بەر ڕاپۆرت و کویز دەکەوێت پێنج نمرەش بەر ڕەوشت و ئامادەبوونی قوتاب دەکەوێت . |

15. دەرئەنجامەکانی فێربوون: لە دەرئەنجامی فێربوونی ئەم بابەتە دەرگا بۆ قوتابی دەکاتەوە کە زانیاریەکی زۆر کۆبکاتەوە دەربارەی پەیوەندی نێودەوڵەتی بە گشتی و سیاسەت بەتایبەتی چونکە وڵاتەکەمان سەدان ساڵە لە ڕێگای سیاسەتەکانی ئەو وڵاتانەی کە پێیەوە لکێندراوین غەدری لێ دەکرێت و کۆمەڵگاکەشمان لە ئاستی پێویست وئەکادیمی نیە بۆ وەڵامدانەوەی پرۆسەی چەوساندنەوەی درێژخایەن ، ئەو بابەتە قوتابی هوشیار دەکاتەوە کە ڕاگەیاندن دەتوانێ ڕۆڵێکی گرینگ ببینێ و کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبێت لە چاکسازی و یاریە جیهانیەکان .

16. لیستی سەرچاوە


- Modified link of Web site: Stanford Encyclopedia of Philosophy - Political Realism in International Relations. /Gloria Lotha Oct 15, 2019
- Add new Web site: Fact Monster - History - International Relations./ Vivek Abhinav Nov , 2012
- Add new Web site: Stanford Encyclopedia of Philosophy - Political Realism in International Relations. /Parul Jain Nov 08, 2011
- Add new Web site: Fact Monster - History - International Relations./ Darshana Das Sep , 2011

file:///C:/Users/Power%20Store/Downloads/InternationalRelationsassignmentsohaib.pdf

https://we.hse.ru/data/2018/06/05/1150097170/program-2109677112-zFMKGsZz4i.pdf

https://library.fes.de/libalt/journals/swetsfulltext/9283307.pdf

-مدخل علم العلاقات الدولية /أ.د.محمد طه بدوي – دار النهضة العربية بيروت لبنان ١٩٩٤

-نظريات العلاقات الدوليه /سلسلة العلوم الاجتيماعية للباحثين، ترجمة محمد صفار / الطبعة الاولى ٢٠١٤

دەروازەیەک بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان / د.انور محمد فرج ٢٠٠٨

گرنگی و کاریگەریی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی.. ڕۆڵی سەرۆک بارزانی بە نموونە بۆ هەرێمی کوردستان /د.نەژدەت ئاکرەیی


| 17. بابەتەکان | |
|---|---|
| ئەم کۆرس بووکە پێکهاتووە لە ١٦ وانەی وتنەوە سەرەتا :<br><br>١ – پێناسەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دەستەواژەکان و پێناسەی زانایان | |

| | |
|---|---|
| و مێژووی سەرهەڵدانی ئەو بابەتە زانستییە<br><br>٢ – مێژووی پەیوەندی نێوان ئیمپراتۆرییەتییەکان و داهێنانی یاسا و کۆنگرە و دانووستان و ڕێککەوتنەکانی ئاشتی<br><br>٣- خوێندنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەک بابەتی زانستی<br><br>٤- سیستەمەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان<br><br>٥- تیۆرییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان<br><br>٦- تیۆری ئەرێنی ( ڕێئالیزم ، لیبرالیزم ، نیولیبرالیزم ، تیۆری ڕژێمی )<br><br>٧- تیۆرییەکانی دوای ئەرێنی ( تیۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی((قوتابخانەی ئینگلیزی))، بونیاننانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی )<br><br>٨- مارکسیزم و قۆناغەکانی<br><br>٩- تیۆرییەکانی سەرکردایەتی و تیۆرییەکانی دوای بونیاتنان<br><br>١٠- ئاستەکانی شیکردنەوە و چەمکەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ( هێز ، سەروەری ،بەرژەوەندی نیشتیمانی ،چالاکوانە ناحکومیەکان، پێکهاتەکانی هێز)<br><br>١١- دەزگاکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ( حکومی و ناحکومی )<br><br>١٢- واتا و مێژووی سەرهەڵدانی دیپلۆماسی<br><br>١٣- ڕواڵەتی دیپلۆمات و ناوەڕۆک و ئەرکەکانی دیپلۆماسی<br><br>١٤- گرینگی دیپلۆماسی لە گەشەسەندنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا<br><br>١٥- گرنگی و کاریگەریی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی.. ڕۆڵی سەرۆک بارزانی بە نموونە بۆ هەرێمی کوردستان (بەشی یەکەم )<br><br>١٦- گرنگی و کاریگەریی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی.. ڕۆڵی سەرۆک بارزانی بەنموونە بۆ هەرێمی کوردستان ( بەشی | |

| | |
|---|---|
| کۆتایی ) | |
| 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
| لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە. هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت. | **ناوی مامۆستا:**<br>**پ.د رزگار محمد** |
| 19. تاقیکردنەوەکان<br>1. دارشتن: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.<br>لەگەڵ وەلامی نموونەییان<br>نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت<br>پ : پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان چییە ؟ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کەی سەریهەڵداوە؟ پێت وایە سیاسەت هیچ کاریگەرییەکی نەبێت بەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ؟ ئەگەر وەلامەکەت بەڵێ یە چۆن وە ئەگەر نەخێرە روونبیکەرەوە<br>2. راست وچەوت: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە راست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.<br>پرسیار : سەروەری ولات بنەمای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە<br>3. بژاردەی زۆر: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت. | |
| 20. تێبینی تر: | |